Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.25 21:53:22 +01'00'

# ئاگاداریه ک بۆ هه موو ماڵپه ره کوردێکانو حیزبه کوردێکان!!!

# ئه م نوسینه م پێشکه ش به گیانی پاکی شێخ مه حمودی نه مر!!

نامۆ سامان

## ئاگاداریو روونکردنه وه یه ک!!!

له گه ڵ رێز خۆشه ویستم بۆ هه مووتان  و سوپاس بۆ ئه رکو ماندوبونتان!
تکا له ئێوه ی به رێز ده که م  که به بێ ئاگای خودی خۆم رازی نیم له هیچ سایتو ماڵپه ری
حیزبێک به بێ پرسی من بابه ته کانم بڵاو کاته وه جا بۆ هه ر مه به ستێکی حیزبی بێت.
من مرۆڤێکی ئازاد و بێلایه نم له هه موو گروپو تاقمو حیزبێک سه ر به هیچ لایه نێک نییم
به ڵام هه ر گیز له خه باتی بێوچانی گه له که مدا له گه ڵ ئێشو ئازارو خه مه کانیاندا
بێلایه ن نه بووم دایمه به شێک بووم له وان..
هه ر بۆ یه خه باتی من خه باتی سه ربه خۆییو سه ر فرازیی گه له که مه نه ک حیزب.
حیزب برییته له زیندانی تاکه کانی کۆمه ڵ و زیندانێکه بۆ ئازادی خودی مرۆڤ
منیش نامه وێت یه کێک بم له و زیندانه ی که حیزب خوڵقاندوویه تیِ..
سیاسه ت ئه گه رچی برییتیه له به رێوبردنی رۆژانه ی ئه قڵی مرۆڤو هونه ری راگرتنی ژیانه
ده بێته فه نی به رێوبردنی ده سه ڵات  به ڵام به داخه وه له وولاته که ی مندا سیاسه ت ته نها
بریتیه له حیزب و حیزبیش بریتیه له کوشتنی ده نگه کان .حیزب له ده سه ڵاتی تاکه که سی
هیچیتر نییه. هه موو که سێک به سیاسه ت ده وێرێ ئه وه ی بیه وێت له رێگایه ی سیاسه ته وه
ده گات به و مه رامو پله و پایه ی که ده یه وێت ..
ده گات به و ده سه ڵاته ی که مه به ستێتی به ڵام جارێکی تریش به بێئه وه ی به خۆیی
بزانی ده بێته کۆیله ی حیزبو ئایدۆڵۆژیه بۆ گه نه کانی حیزب..حیزبه کانی ئێمه یش بریتیه
له ده سه ڵاتی تاکه که سیو له سه ر پرۆژه ئه قڵی عه شایریدا دامه زراوه و هیچی تر.
ئه ده ب و هونه ریش  برییتیه له تێکشکاندنی ئه وه هه موو پردو په یوه ندیانه ی که حیزب و
سیاسه ت له سه ر کۆڵه که بوونی خوێنو لاشه ی مرۆڤ بنیاتی ناوه .
حیزبه کوردێکانیش که تا بنه قاقایان هه ڵه و هه ڵه شه و ده ستیان چۆته خوێنی مرۆڤی کورد
به بابه تێکی من نه روویان سپیده بێته وه نه منیش ئه توانم چاڵه کانی خیانه تیان پرکه م له
گوڵ. کێشه ی ئێمه کێشه ی سه رکرده کانمانه نه ک خه ڵکی به شه ره فی کوردوستان
ئێمه له و هه موو سه رکرده ترسنۆکه نه مانتوانی سه رکرده یه کی ئازا به په نجه کانی خۆمان
وه ک په یکه رتاشێک دروستکه ین .ئه و هه موو تاوانه ده کرێت به  به رچاوانی سه رکرده و
حیزبه وه ئه و هه موو سوکایه تیه له که ناڵه کانی عه ره بێکانه وه که ده کرێت به کورد
که چی سه رکرده کانمان ته قه ی سه ریان دهێت .
شه ری خاچ په رسته کان کاتێک سه رکرده که یان ده مرێت.
دێهن به مردویه تی سه رکرده که یان ده خه نه سه ر پشتی ئه سپێکو ووره و
هێزێکی وا ده خه نه به ر سوپاکه شه ره که یش ده به نه وه
سپارتاکۆس  که له  کۆیله یه تی خۆی هه ڵگه رایه وه و خه ڵکه که یش که چاویان به
سپارتاکۆس که وت هه ر هه موو ووتافو هاواریان بۆ کرد به شانوباڵیدا هه ڵیاندا
به ڵام سپارتاکۆس چووه وه کۆیله یه تی خۆی تا هاورێکانی سپارتاکۆس هاتن جارکی تر
سپارتاکۆسیان هێنایه وه و به خه ڵکه کان ناساند دیسانه وه شۆریشی کۆیله کانیان پێبرده وه ..
ئیسحاق رابین که ئێمزای پرۆسه ی ئاشتی کرد له گه ڵ فه له ستینێکاندا به دڵی خه ڵکی

جوله که نه بوو به ئاشکرا کوشتیان .که چی ئه و هه موو سوکایه تیو خیانه ته ده کریت له ژێر سێبه ری سه رکرده دا یه کێک نییه بلێ له ل له ووڵاته که ی ئێمه دا..دیسانه وه ئێمه ێش ده بینه به شێک له و تاوانانه ی ده کرێتو گوێو زمانی خۆمانی پێوه ده به ستین له ئاست راستێکان چاومان داده خه ین فزه ناکه ین .ده هوشیاربن ئه ی خه ڵکینه!!

کاتی ئه وه هاتووه گروپێک له و کوردوستانه دا دروست بێت بۆ ئه وه هه ر یه کێک له ئێمه خیانه تی کرد بێقه یدو شه رت قاچه کانی بشکێنن له گۆی بخه ن تا ببێته عیبره ت بۆ هه مووومان تا هیچمان بیری له خیانه ت نه که ینه وه .

کاتێک یانزه ی سپتێمبه ر روویدا

دوو سه د ملیۆن خه ڵکی ئه مریکا چاوه روانی سه رکرده یان ده کرد تا قسه یان بۆ بکات سه رکرده یش بۆ ماوه ی یانزه کاتژمێر له ئاسماندا پاراسترا چونکه چاکترین جێگه بۆ پاراستنی جۆرج بۆش ئاسمان بوو

کاتێ هاته خواره وه به هه ره شه ده ستی پێکرد دڵی خه ڵکه که ی دایه وه که چی سه رکرده کانی ئێمه له جیاتی هه وڵبده ن کاربه ده ستانی میسر بده ن به دادگا بۆ کچه ئه نفالکراوه کان که له مه لهاکانی میسری عه ره بیدا فرۆشران که چی دێهن میوانداریو خزمه تیان ده که ین دهێن بێشه رمانه به خێرهاتنی ئه و مرۆڤانه ده که ن که ده ستیان سووره به خوێنی کورد ئه نفالو ژه هر به ده ستی ئه وانه ئه نجامدرا.

دیکتاتۆرێک هه بوو ناوی [سه دام]بوو ئه و لاتر چێ ئه دووپێیه

سه دام به و هه موو درنده یی خۆیه وه له ساڵه کانی هه شتادا به ئاشکرا له که ناڵه فاشستێکه ی عه ربی بغداده وه پێیراگه یاندن ئێوه برۆن یه کگرن من حه قتان ئه ده مێ..

ئه وا بیست ساڵ به سه ر ئه و رۆژه داچوو که خوێن مژێک ئامۆژگاری کردین

که چی له م کاته دڵناسکو پر هه له ی کورده دا نه یه کیان گرتووه نه روونیشی

ده که نه وه بۆ ئه و خه ڵکه له سه ر چی یه کناگرن..تا دوێنی شه ری پاره ی برایم خه لیل بوو خۆ شوکر ئه مرۆکه ئه ویش نه ماوه وه که سیش نازانێ پاره ی برایم خه لیل چیبه سه رهات بۆ کوێ چوو چووه گیرفانی کام حیزبو کام سه رکرده وه.

نوێنه رانی کورد له بغداد له پێناوی ده سه ڵاتێکدا هه موو به رژه وه ندی گه لیان فه رامۆشکرد پشتیان له گه ل کرد تازه به تازه ده یانوێت گوێ له خه ڵکی به شه ره فی کورد بگرن که داوای چیده که ن وه کو خۆیان نه زانن کورد داوای چیده کات. ئه وان که ئیمزانی لامه رکێزێکه ی شه ستو سێیان کردوه تازه به تازه ده که ونه خۆیان خه ڵکی هانئه ده ن تا نارازی خۆیان ده برن ئه ی ئیمزایان بۆکرد ئێمه دوای چلو یه ک ساڵ خه باتو کوشتنو برینو تاوانو سه رگه ردانیو ئه نفالو ژه هرو ره و وکۆچو شه ری خۆکوژیی تازه به تازه ده گه رێینه وه بۆ دواوه داوای هیچ ده که ین.وه ک ئه وه ی ئێمه له هیچه وه هاتبین..

ئه وان که بوونه هۆی داڵده و دروستکردنی معاره زه ی ئێراقیو به شانو باڵی عه ره بدا هه ڵیان ئه دات که ناڵه کانیان پر بوو له زمانی عه ره بی و شاره کانی کوردوستانیان کرد به په ناگه بۆ عه ره ب به شانو باڵی عه ره بیان هه ڵئه دات به ئازادیخوازو پێشکه وتونخوازیان ئه ناساندن به خه ڵکی زه حمه تکێشی کورد . به زۆر منداڵانی کوردیان فێری ووشه ی ئێراق ده کرد که خودی منداڵانی کورد وا بۆ 15 ساڵه ده چێت نازانی ئێراق چییه .

گوێکانی به س به ووشه ی کوردوستان راهاتووه لای منداڵانی نه وه ی تازه ی ووڵاتێک هه یه ناوی کوردوستانه ده سه ڵاتی شه ری خۆکوژی کورد که لای من بریتیه له ئه نفالێکی تر به

ده ستی کورد به سه ر گه لی کوردیانا هێنا.کوردوستانیان دابه شکرد و له نێوخۆماندا له تیان
کردین که ئه مه خه ونی ره شو چه په ڵی خوێنرێژه که ی بغداد بوو که ده یوویست سۆرانو
بادینان له یه ک جودابکاته وه خودی دووژمن زۆر هه ولّیدا کوردوستان له تکا به لاّم بۆینه کرا .
که چی خۆمان بووینه ته واوکه ری خه ونه که ی سه دام که ئه مرۆکه ئه و مرۆڤه خه ونی نه ماوه
ئنجا بێشه رمانه منداڵانی کوردیان فێری ئێراقو به نێو زانکۆکانی کوردوستاندا
ده گه ران راپرسیان ده کرد به زۆر خوێنکارو قوتابیان فێر ده کرد به ناوی
ئازادی ئێراقو مێراقه وه قسه بکات.
ئێستاکه یش ئه م عاره به ئازادیخوازانه ی عه ره ب که خودی
ده سه لاّتی حیزبه کوردیکان دروستیکردن به هه یچ مافێک بۆ گه لی کورد رازی نیین..
ئه مه ئه و په ری شوره ییه بۆ حیزبه کوردیکانو نوێنه رانی کورد .
ئێستاکه یش که نوێنه رانی کورد هیچیان پێ نییه بۆ کوردو ئه و قسه زلو زه بالاحه یان ده کرد
هه ر هه موو وه کو بڵقی سه ر ئاو وابوون
ئنجا بایانداوه ته وه بۆ رای گیشتی گه لی کورد که له و پێش نه ک گوێیان لێنایه گرتن به ڵکو
حسابیشان بۆ نه ئه کردن..نوێنه ریکی کورد پێش لێدانی سه دامی خوێن مژ له شاری ستۆکۆڵم
سمیناریکی گرت ئه و نوێنه ره قسه ی وایده کرد ئه مووت
ئه م جاره ئه گه ر هه ڵبژاردن بێت من ده نگ بۆ ئه و ئه ده م .
ئه و نوێنه ره که ئێستاکه له بغداد دانیشتووه ئه ی ووت له کاتی لێدانی سه دامدا ئه بێت کورد
خۆی کۆکاته وه بۆهێرشکردنو رزگارکردنی شاره کانی تری کوردوستان و بیانخاته ژێر
ده سه لاّتی خۆیه وه .
به لاّم که خه ڵکی به شه ره فی و ئه نفالکراو ده رکراوی و خۆراگری شاری که رکوک
خۆپیشاندانی کرد و هاواریانکرد بۆ گه رانه وه بۆ شه ره فی هه رێمی کوردوستان
که رکوک بگه رێته وه سه ر هه رێمی کوردوستان
که چی ئه و سه رکرده یه بێشه رمانه له که نالّو رۆژنامه عه ره بێکانه وه ئه یووت
ئه و خۆپیشاندانو هاوارکردنو داواکاری هه موو خه ڵکی کورد نییه!
جا من چۆن دلّم به م نوێنه ره ی کورد خۆش بێت که ته نها کوردایه تی به من ده فرۆشی..
وه زیری ده ره وه ی ئێراقی تازه! سوێند ده خوات به قورعانو له به رده م حوکمی عه ره بی
ئه نجومه نی ئێراقیدا له به رده م ئه مه ریکێکاندا سوێند بخوا که خیانه ت نه کات له ئێراق
ئه بێت من دلّم به چی خۆش بێت ئه بێت دلّمان به چی خۆش بێت هه موو ئه نجومه نی حوکم
سوێند بخوا که خیانه ت له ئێراق نه خوات .شێخی نه مر که کردیان به مه لیکی کوردوستانو
سه ری بۆ دووژمنانن نه وی نه کرد سه روکلاّوه که ی گرته حاکمی ئینگلز پێی ووتن
من هه رگیز ئیعتراف نه به حوکمو نه به مه حکه مه یی ئێوه ناکه م ..
نامه وێ ژینی ئه ساره ت به سه عومری گه وهه ری
قه د به ئه مری دووژمنان نامه وێت فه رمانده یی.
ئه نجومه نی حوکمو معاره زه ی ئێراقی که له کوردوستان ژیانیان پاراسترا،
ئه م زه رده والاّنه که له هێلانه ی حیزبی کوردیدا په پوله ئاسا گه وره بوون
له سه ر ده ستی ئه وان په روه رده کران به چاو خزمه تیان ده کردن
ئێستاکه هیچ مافێک به کورد ره وا نابینن ئه مانه ئه و مرۆڤو ئازادیخوازانه ی
عه ره ب بن که هیچ مافێک ره وا نه بینن به کورد ئه ی ئه بێت شۆڤێنیکه یان چۆن بێت..
ئه گه ر کورد فریای ئه م زه رده والاّنه نه که وێت له هێلانه وه

له ناویان نه بات ئه وا ده بێت کورد تا ماوه بڵی سه د خۆزگه م به کفن دز
ئه م زه رده والآنه تا چزوویان ده رنه کردووه تا گه رایان نه خستۆته وه
تا نه بوونه ته 25 سه دام حسێنی تر ده بێت کورد فریایان که وێت .
ئێمه ی کورد له م ئێراق شه قو شڕه دا له م ئێراق پر نیفاقو فه ساده دا
هه ر ده بێت دیکتاتۆر به رێکه ین..
ئێمه هه ر له مه لیک فه یسه ڵی دووه مه وه تاکو چوار جمهورێکه ی ئێراقو
ئنجا کوده تاکه ی به عس هه ر دیکتاتۆر به رێده که ین.
من که ده مه وێ له ده رگای شیعره وه بچمه ناو تراژدیایی گه له که مه وه
به ناو ناخی مرۆڤدا شۆربمه وه تا گه یشتن به حه قیقه ته کانی مرۆڤ ..
هه ر بۆ یه شیعر لای من گه یشتنه به حه قیقه ت ..ئه و رێگه پیرۆزه ی
حه قیقه تم بۆ خودی خۆم هه ڵبژاردووه.
من باوورم به ره قی راستێکان هه یه نه ک به نه رمی درۆ لافیته دۆراوه کانی
ئه مرۆی پانتایی سیاسه تی کورد.

**شیعر بریبیتیه له پرۆژه یه کی فیکریو مه حاڵه زۆر که س له شیعر بگات..**

**ئه گه ر چی شیعر نابێته خوڵقاندی فیکر..**

دنیایی ئێمه دنیای رۆحه ! شیعریش بریتیه له نوسینه وه ی رۆحی مرۆڤه کان.
ئه گه ر چی من هه رگیز ناتوانم له رێگای شیعر و هونه ره به و پله و پایه بگه م به لآم دلْخۆشمو زۆر دڵنیام له وه یه ی که رۆژێک دێت ده ست ده که ملی حه قیقه تو له ئامێزی ئه گرم..
هه ندێک نوسه ر هه یه که ته مه نی به قه د پاکه ته جگه ریه ک نابێت دهێت باس له مێژووی کورد ده کات به بێ ئه وه ده ستنیشانی کات له کوێوه ئه م زانیاریانه هێناوه ده یان کات به هینی خۆی ..هه ندێ شاعیر په یدا بوو وه کو جۆکه ر له سایته کوردێکاندا ئه گه ر سه یری نوسینه کانی بکه یت ده بینی مێژووی شیعره کانی بریتیه له تێپه ربوونی چه ند کاتژمێک رۆژی چوار حه وت شیعر ده نووسێو ئنجا به وه یش رازی نابێت ده ست ده کات به بابه تی ده رونیو وه کو ئه وه خۆی یه کێک نه بێت له و نه خۆشخانه یه یی که حیزبه که ی بۆیخوڵقاندووه..باس له ده رونزانی ده کات به بێ ئه وه بزانی چیده ڵێت ناویی وا عه نتیکه دهێنێته وه ده یان کات به پرۆفیسۆر و زانا لێمان نازانم ناوی دکتۆرو مزه مید و سیسته ره کانی نه خۆشخانه ی شاره که یه تی که تیایدا ده ژین یان نا..
هه ندێ که س بووه به ره خنه گرو به بێئه وه بنه ماسه رکێکانی ره خنه بزانێ
دهێت سوکایه تی به و هه موو یاساو رێسایانه ی ره خنه وه ده کات ..
هه ندێکی تر که شیعر ده نووسێ نازانم بۆ خۆی ده نووسێ یان بۆ ته نیایی خۆی وا ده زانی که نوسه ر یان شاعیر ووتی من واته خودی نوسه ر یان شاعیره ..به لآم نازانێ کاتێک شاعیر ده نوسێ من ئه وا له سه دا سه د مه به ستی خوێنه ره نه ک خۆی..دایمه نوسه ر وا راهاتووه به ناوی که سی یه که مه وه ده ستپێکا به لآم که سی یه که م له نوسینو ئه ده بدا برتییه که سی دووه م که خوێنه ره ئه م هه موو سوکایه تییه که ئه مرۆ به نووسین ده کرێ به بێ ئه وه یه کێک خۆی به مه سئولی بزانی ئه وه له پرنه سیبدا خاوه نی خودی خۆی نه بێت ناتوانی که سێکی تر بنوسێته وه ئه وه ی باووری به خۆیی نه بێت ناتوانی باوور به که سێکی تر بکا.
له وه ته ی بیرم دهێت له و کوردوستانه ی خۆماندا ته قه یه به شه و که س نازانێ ئه م ته قانه چییه له کێ ده کرێت؟ وه بۆچی؟ وا بۆ سیی ساڵی ره به ق ده چێت ئێمه له یه کتری ده کوژین هه ر ئافره تێکمان کوشتو به قاحبه ده می خه ڵکیمان داخست بۆ ئه وه ی پسیار نه کات.

هه ر كه سێكامن كوشتو به جاشو به تاوانبار ده می خه ڵكيمان داخستو بۆ ئه وه ی لێمان نه
پرسیێ بۆ چی كوژرا ..ئێێ باشه ئه مه وولاَته یان مه زادخانه ی ئازادی تاوانه كانه!
ده رخستنی ئه و سیخور تاوانبارانه ی ناو حیزبه كوردێكانی ئه مرۆی ساحه ی كورد له شاشه ی
ته له فیزۆنێكانیانه وه بێشه رمانه پیشان خه ڵكی به شه ره فی كورد ئه درویێت خۆیی له خۆیدا
بریتیه له و په ری سوكایه تی به هه ستو موعاناتی كورد .
ئه مرۆكه یش خه ڵكی كوردوستانه كه م به ئه سه فێكی زۆره وه بوونه ته دووله تی
گه وره وه و مرۆڤی كورد وه كو كریستاڵ بۆته هه زار پارچه وه ..
به سایه ی سه ری هه ر دوو حیزبی گه وره ی كوردوستان كه به شێكی بۆ ته یه كێتی و
به شه كه ی تریان بۆته پارتی ..
به داخێكی گه وره یشه وه ئه مرۆكه رۆشنبیرانو نوسه رانیش چوونه ته ئه و سه نگه ره وه..
ئه وه ی شه ره تفه نگه ی جاران له سه نگه ری براكوژیدا ده یانكردو یه كتریان پێده كوشت
ئه مرۆكه به رۆشنبیرانو نوسه رانی كوردی ده كه ن.
منیش نامه ویێت له هیچ كام له و سه نگه رانه دا خۆمببینمه وه ببمه خۆشه ویستی
به شێك له گه له كه مو دوژمنی به شێكی تری..
وه نایشمه وێ هیچ حیزبو تاقمێك بازرگانی به خوێنو كه سایه تی منه وه بكات
له پێناوی مه رامی بۆگه نی حیزبه كه یدا نا مه وێ بچمه سه نگه ری هیچ حیزبو تاقمێكه وه .
من كه وا راهاتووم له ماڵپه ره بێلانه كوردێكاندا بابه ته كانم بلاَو كه مه وه
وه كو ماڵپه ری [كوردوستان نێت] و ماڵپه ری [ ده نگه كان]
كوردوستان نێت وه كو ماڵپه رێكی بێلایه نو نه ته وییی كه خودی خۆم مرۆڤێكی نه ته وییمو
باورم به كوردایه تی خودی خۆم هه یه هه ر له به ر پیرۆزی ئه و پێناسه یه یی
كه كوردوستان نێت هه ڵیگرتووه بابه ته كانم تیا بلاَو ئه كه مه وه
ده نگه كانیش وه كو ماڵپه رێكی ئازاد و بێلایه ن كه خودی خۆم باورم به ئازادی ده نگه كانو
بیرو بۆچونه كان ئه مرۆی فیكری كورد هه یه ..
له گه ڵ رێزو پێزانیینم بۆ هه ر دوو ماڵپه ره كه ..
له م دوو ماڵپه ره هیچ ماڵپه رێكی تر بۆی نییه به بێ پرسی من بابه ته كانم
له وانه وه وه رگرێتو له سایت و گۆڤاره حیزبێكانی خۆیاندا بلاَویكاته وه..
بابه تێكم نوسیوه له ژێر دێری
[ چه ند دێرێك له پشتگیری بابه ته كه ی به رێز مه سعود به رزانی]
له كوردوستان نێت و ده نگه كاندا كه خۆم ناردوومن بۆیان بلاَو بۆته وه
به لاَم به بێ پرسی من ئه م بابه ته له سایتێكی پارتیدا له گۆشه ی هه والَه كان بلاَو بۆته وه
به بێ ئه وه ی پرسێك به من بكه ن جگه له وه یش كه چه ند ناوێك
پشتگیری خۆیان له و بابه ته دا ده ر بریوه وه به بێێ ئاگایی ئه وان بلاَو بۆته وه..
خۆشتر بوو كه ئه و به رێزانه په یوه ندیه ك به خۆمه وه بكه ن و پرسێكم پێبكه ن
هه ر جوانتر بوو به لاَم به داخه وه به بێ پرسی من بلاَو بۆته وه..
هه ر وه ها به رێز [ئاكۆ محه مه د] كه له سایتی میدیاوه په یوه ندی پێوه كردووم
بۆ بلاَو كردنه وه ی بابه تێك له سایتو گۆڤاره كه یاندا
من له گه ڵ رێزم بۆ كاك ئاكۆ كه به و په ری مه سولیه ته وه و رێزگرتن له نوسه رانو
رۆشنبراین كه پرسی لێكردووم كه بابه ته كه م بلاَو كه مه وه له میدیادا..
ئاخ! خۆزگه یش ماڵپه ری پارتیش ئه وه هه سته یان هه بوایه و ته نها

پرسێکیان پێکردمایه ئه وا هه ر چۆنێک بوو دڵخۆشده بووم به پێزانیان...
له کۆتایدا تکاتان لێده که م به بێ پرسی من رازی نییم هیچ بابه تێکم جارێکی تر بڵاوکه نه وه..
من خاوه نی پرنسیبو که سایه تی خۆمم هیچ تاقمو حیزبێک بۆی نییه ده ستخاته که سایتیمه وه
به ئاره زووی خۆی به کارم بێنێ بۆ مه رامی حیزبی و شه خسی.
له گه ڵ رێزو خۆشه ویستم بۆ هه مووتان

040124&ستۆکهۆڵم